# تەفسیری ئایەتی بیست وحەوتەم لە سورەتی النور

[ kurdish – کوردی – كردي ]

**دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2014 - 1435

IslamHouse.com

# تفسير الآية السابعة والعشرون من سورة النور

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# تەفسیری ئایەتی بیست وحەوتەم لە سورەتی النور

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس کراوە :

پرسیار : ئایا مانا و هۆکاری دابەزینی ئایەتی : ﴿ لَّيْسَ عَلَى الْأَعْمَىٰ حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْأَعْرَجِ حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْمَرِيضِ حَرَجٌ ..... ﴾ چیە ؟ وە ئایا دەکرێت لەگەڵ ماڵی مام وخاڵم، پیاو وئافرەت پێکەوە نان بخۆن ؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

وەڵام : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە پیرۆزەی کە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ لَّيْسَ عَلَى الْأَعْمَىٰ حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْأَعْرَجِ حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْمَرِيضِ حَرَجٌ ..... ﴾ [ النور : ٢٧ ] زیاتر لەهەشت ڕای زانایانی لەسەرە بەڵام دیاری تریان ئەو ڕیوایەتەیە کە لە عەبدوڵای کوڕی عەباسەوە گێڕراوەتەوە و دەڵێت : هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە بریتی بوو لەوەی :کە هاوەڵانی ئەنصار شەرمەزاری ڕووی تیدەکردن کاتێك ئەگەر بانگهێشت بکرانایە بۆ سەر خوانێکو

لەگەڵ کوێر و شەل ونەخۆشەکاندا لەسەر یەك خوان نانیان بخواردایە چونکە پێیان وابوو : کە ئەو کەسەی کوێر بوو باش و خراپی خواردنەکەی لێك جوودا نەدەکردەوە و بێ یەك ودوو هەرچی بهاتایە بەدەستدا دەیانخوارد، وە کەسە شەلەکانیش لەبەر قاچیان نەیاندەتوانێ وەك ساغەکان بچنە پێشەوە وبەشی خۆیان ببچڕن، نەخۆشەکانیش لەبەر ناساغیان ناتوانن وەك لەش ساغەکان بەشداری ئەو خوانانە بکەن، بۆیە وایان بە باش دەزانی بەتەنها ولەلایەکەوە نانی خۆیان بخواردایە بۆ ئەوەی فرسەت بۆ ئەوانی تر بڕەخسێت بە ئاسانی بگەنە خوانەکە، خوای گەورەش ئەم دوو دڵی و دڵەڕاوکێ و شەرمەزاریەی بە ناردنە خوارەوەی ئەم ئایەتە لەسەر هەڵگرتن و بۆی ڕوون کردنەوە کە هیچ شەرمەزاری تێدا نییە و تووشی گوناهـ نابن، وە هیچ گرفتێك نییە ئەوان بەشداری ئێوە ببن .

ڕایەکی تر ئەوەیە کە کوێر و شەل و نەخۆشەکان خۆیان بە تاونبار دەزانی کاتێك نەیاندەتوانی بەشداری غەزا و جیهاد کردن بن لەگەڵ پێغەمبەری خوا وهاوەڵە بەرێزەکانی تردا، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە کە ئەو جۆرە کەسانە خاوەنی عوزری شەرعین و هیچ گوناهبار نابن لە بەشداری نەکردنیان لەگەڵ ئەواندا.

بەم پێیەش مانا و تەفسیری ئەم ئایەتە مانایەکی گشتگیر تر دەگرێتەوە، و خوای گەورە ئەو کەسانەی بە خاوەن بیانوی

شەرعی داناوە، چونکە بەشداری کردن لەگەڵ پێغەمبەر وهاوەڵانی تردا تووشی نارەحەتی و مەشەقەتیان دەکات، نارەحەتی و مەشەقەتیش لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا لەسەر خاوەن عوزرە شەرعیەکان هەڵگیراوە، وە مرۆڤ هیچ گوناهبار نابێت کە لەماڵو سامانی خۆی بخوات، یان لەماڵ وسامانی ماڵ ومناڵ و باوك ودایکی بخوات، یان لەماڵ وسامانی براکان و خوشکەکان و مامەکان و پورەکان (خوشکی باوك) و خاڵەکان و پورەکانی تر (خوشکی دایك) بخۆیت، یان لەماڵی کەسێك کە ئەو کەسە خۆی کلیلی ماڵەکەی دابێتە دەستت ( یان سەرپشکی کردبیت لەوەی ئازادیت لەماڵەکەی بخۆیت ) یان لەماڵ و خواردنی هاوەڵەکانتان، هیچ گوناهتان ناگات پێکەوە (لەسەر یەك سفرە) نان بخۆن یاخود جیا بە جیا، جا کاتێ چوونە (هەر ماڵێك لە) ماڵان ئەوە سەلام لە یەکتر بکەن (لەوانەی کە وەك خۆتان وان) بەسەلام کردنێك لەلایەن خواوە (هاتووە) سەلامێکی جوان و چاك و پاك ئا بەو شێوە خوا ڕوونی دەکاتەوە ئایەتەکانی بۆ ئێوە بەڵکو ئەقڵتان بخەنە کارو بیر بکەنەوە.

وە بە نسبەت بەشی دووەمی پرسیارەکەتەوە کە دەڵێیت : ئایا دەکرێت لەگەڵ ماڵی مام وخاڵم، پیاو وئافرەت پێکەوە نان بخۆن ؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە.

مەبەست لەوەی کە خوای گەورە فەرموویەتی: هیچ گوناهتان ناگات پێکەوە (لەسەر یەك سفرە) نان بخۆن، مەبەست لێی

ئەندامانی یەك خێزانە لە خوشك وبرا ودایك وباوك، و ئەو کەسانەش کە مەحرەمی ئەو خانەوادیە بن، نەك مەبەست ئەوە بێت کە لەگەل مالّی مام و خالّت پیاو وژن پێکەوە لەسەر یەك سفرە نان بخۆن، چونکە ئەم جۆرە تێکەلاویانە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا ڕێگای لێ گیراوە چونکە ئەوانە سنوری خوای گەورەن ودیاری کردووە نابێت ببەزێنرێت، خۆ ئەگەر هاتوو جەنابت شیری مالّی مامت یان خالت خواردبوو ئەوا هیچ گرفتێك نییە لەسەر سفرە لەگەڵ خێزان و کچەکانی ئەواندا لەسەر یەك سفرە نان بخۆێت چونکە ئەو کاتە تۆ یەکێکیت لە مەحرەمەکانی ئەوان، وە گەر نا دروست نییە، چونکە ئەو جۆرە دانیشت و کۆبونەوانە سەر دەکێشن بۆ گوناهـ و سنوور شکاندنی تر، کە پاشەڕۆژیان باش نابێت بۆ ڕەوشت پارێزی و پاك داوێنی، بۆیە دەبێت مرۆڤی موسڵمان هیچ سڵ نەکاتەوە لە جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ( صلی اللە علیە وسلم ) ..

خوای گەورەش زاناترە ..